زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم

# ( جوگرافیای لادێ )

ماموستای بابەت
جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mohood@su.edu.krd
22- 10 - 2021

fppt.com

## ❖ پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار:



# ناوەڕۆكی وانە

## ❖ پێوەرەكانی جیاكردنەوەی لادێ – شار:

**یەكەم:** پێوەری دیمۆگرافی.

**دووەم:** پێوەری كارگێری.

**سێیەم:** پێوەری پیشەو چالاكی.

**چوارەم:** پێوەری مۆرفۆلۆجی.

**پێنجەم:** هاوكۆلكەی لادێ.

✓ وانەی داهاتوو.

# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

- ئاشنابوونی قوتابی بە پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار.
- دەرخستنی گرنگی ئەو پێوەرانە بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی شوێنگەی لادێ لەگەڵ شار.



# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

بە گوێرەی مۆرفۆلۆجی، چڕی دانیشتوان، پیشەو خزمەتگوزاری نشینگە مرۆییەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی شارنشینی و لادێنشینی دابەش دەبن، کە لە ڕووی ئەو خاڵانەی خرانە ڕوو لێك جیاوازن، بە نموونە :چڕی دانیشتوان لە ناوچە شارنشینیەکان زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ لادێنشینەکان، ئەمە بۆ خاڵەکانی تریش بە هەمان شێوە.

**دەکرێت پێوەرەکان لە چەند هێڵێکی گشتیدا کۆ بکرێتەوە بەم شێوەیە:**

یەکەم : پێوەری دیمۆگرافی

دووەم : پێوەری کارگێری

سێیەم : پێوەری پیشەو چالاکی

چوارەم : پێوەری مۆرفۆلۆجی

پێنجەم :هاوکۆلکەی لادێ

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## یەکەم : پێوەری دیمۆگرافی

بە پێوەرێکی سەرەکی هەژمار دەکرێت، بە جۆرێك ژمارەو چڕی دانیشتوانی شارەکان هەمیشە زیاترە لە لادێیەکان، ئەم پێوەرە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لە سەر دوو لایەن دەکاتەوە:

ژمارەی دانیشتوان

بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان سەنتەرە ئاوەدانەکان بە لادێ هەژمار دەکرێت کاتێك ژمارەی دانیشتوانی لە:

وولاتانی سوید و فنلاندا لە (٢٠٠) کەس کەمتر بێت.

کەنەدا لە (١٠٠٠) کەس (کەمتر بێت.

هیند لە(١٥٠٠) کەس کەمتر بێت.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## چڕی دانیشتوان:

چڕی دانیشتوان واتا :ژمارەی دانیشتوان لە سەر یەکەیەکی ڕووبەری زانراو، وە چەند جۆرێك لە چری بوونی هەیە لەوانە :چڕی کشتوکاڵی و چڕی ئابووری و چڕی فیزیۆلۆجی، وولاّتان لە ڕووی چڕی دانیشتوانەوە جیاوازن، جگە لەمە لە هەندێك وولاّت هەردوو پێوەری قەبارەی دانیشتوان و چڕییەکەی بە یەکەوە بۆ جیاکردنەوەی شارو لادێکان لە بەرچاو دەگرن، بۆ نموونە وولاّتی هیند لادێ ئەو ناوچانەیە کە چڕی دانیشتوانی دەگاتە (٤٠٠) کەس/کم٢ ، کەچی لە وولاّتی کەنەدا ژمارەکە کەمترە لە (٤٠٠) کەس/کم٢ .

ئەم پێوەرە لە چەند لایەنەوە کەموکوڕو ناتەواوە لەوانە:

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## چڕی دانیشتوان:

- ژمارەی دانیشتوانی لادێکان بەردەوام لە گۆڕاندایەو ئەمەش کاریگەری لە سەر دروستیی پێوەرەکە دەبێت.

- وولاًتان لە ڕووی ئابوورییەوە لێك جیاوازن و ئەستەمە ئەم پێوەرە لە سەریان جێبەجێ بکرێت.
- لە هەندێك وولاًت چڕی دانیشتوانی هەندێك لە لادێکان زیاترە لە شارەکان.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## دووەم : پێوەری کارگێری

مەبەست لە پێوەری کارگێری بریتیە لە ناساندن و هەژمارکردنی ئاوەدانیـە مرۆییەکان و دیاریکردنی جۆرەکەیان لە لایەن حکومـەت و وولاّتـان، وولاّتـان پێوەرو ناساندنی خۆیان هەیە لە هەمبـەر ئاوەدانیـە مرۆییـەکان، جـا ئـەم ناساندنە لە چوارچێوەی وولاّتـان کاری پێدەکرێت، بـۆ نموونـە لـە هەنـدێك وولاّتدا هەر ئاوەدانیەك کارگێری شارەوانی تێدا بێت بە شار هەژمار دەکرێت.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## سێیەم : پیشەیی

پیشە بە یەکێك لـە پێـوەرە سـەرەکییەکانی دیـاریکردن و جیاکردنـەوەی ئاوەدانییـە مرۆییـەکان هـەژمار دەکرێـت، لـەو ڕووەی دانیشـتوانی لادێ زیـاتر خـەریکی پیشـەی کشتوکاڵن، لە هەندێك وولاّتـان بە گوێرەی ئەم پێوەرە بە مەرج گـیراوە کـە دانیشـتوانی لادێ نزیکەی (%٧٥) لە کۆی دانیشتوانەکەی خـەریکی کـاری کشـتوکاڵکردن بـن، بـە گوێرەی ئەم پێوەرە دەکرێت چەند جیاکارییەك لە نێوان شارو لادێ بخرێتە ڕوو لەوانە:

- دانیشتوانی لادێ هەمیشەو زیاتر خەریکی کاری کشتوکاڵکردنن.
- دانیشتوانی لادێ کارو پیشەیان لە دەرەوەی چوارچێوەو پێکهاتەی نشینگەکان ئە نجام دەدەن، ئەمە لە شارەکان پێچەوانەیەو لە چوارچێوەو پێکهاتەی نشـینگەی شـارەکان ئە نجام دەدرێت.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## ٤- پێوەری مۆرفۆلۆجی:

مەبەست لە مۆرفۆلۆجی لادێ واتا :شێوەو پێکهاتەی نشینگەکان، بە شێوەیەکی ئاسایی هەمیشە لادێ جیاواز لە شار دەردەکەوێت، لادێیەکان لە رووی نشینگەو دابەشبوون و شێوازییان هەروەها رێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی تر بە شێوەیەکی سادەو ساکار دێنە پێشچاو، لادێ لە زۆر باردا جۆراوجۆریی پیشەیی تێدا بەدی ناکرێت، جگە لەمانە نشینگەکان لە رووی خەسڵەتی بیناکردنەوە تەواو لە شارەکان جیاوازن.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## پێنجەم :هاوکۆلکەی لادێ

چەمکی لکاوی و توانستی گەیشتن لە نێوان لادێ – شار

ئەم چەمکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە جیاوازییەکی ئەوتۆو زەق نیە لە نێوان نشینگە لادێی و شارییەکان لە لایەك، لەو ڕووەی لادێیەکان بە هۆی نزیکیان لە شارەکانەوە زۆرێك لە خەسڵەتەکانی شارییان هەیە، لە لایەکی ترەوە نکۆڵێش لەوە ناکرێت کە خەسڵەتی لادێیشیان تێدایە بە هۆی نەبوونی پلانێکی گشتگیری پەرەپێدان بۆ کەرتە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریی و ئابووری.

شارەزایانی کۆمەڵناسی چەمکی لکاوی لادێ -شار بەکاردێنن لەو کاتەی ناتوانرێت خاڵی جیاکەرەوەی زەق لە نێوان لادێ و شارەکان بەدی بکرێت، وە پێیشیان وایە هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ئەم جۆرە لە لکاوی و پەیوەندی لە نێوان لادێ و شارەکان بریتیە لە کۆچکردن (جوڵەکردن)

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

## پێنجەم :هاوکۆلکەی لادێ

له لادێیەکانەوه ڕووەو شارەکان به مەستی کـارکردن بـه جۆرێـك دانیشـتوانی لادێ له کـاتی ڕوو کردنـه سـەنتەره شارنشـینەکان بـه مەبەسـتی کـارکردن دووچـاری بەربەسـتی قورسـی ژیـانکردن لـه دەبنـەوه وەك :گرانـی نرخـی نیشتەجێبوون و ژیـانی ڕۆژانـه، بۆیـه بریـاری نیشـتەجێبوون لـه قـەراخی ( هامش ) شارەکان دەدەن، بەمەش ئەم شوێنانه به هۆی نزیکیـان لـه شـارەکان پشکی خزمەتگوزاریی و پرۆسـەی ئـاوەدانی دەیانگرێتـەوە، ئەمـه سـەرباری ئەوەی له ئێستادا به هۆی خێرا فراوانبوونی شارەکان و به پیشەسـازی بـوونی شارەکان نێوانەی لادێ و شارەکانی کەمکردۆتەوە.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ — شار

## پێنجەم :هاوکۆلکەی لادێ

هەرچی تایبەتە بە چەمکی توانستی گەیشتن بە شارەکان مەبەست لێی دووری ئەو نێوانەیە دەکەوێتە نێوان لادێ و خزمەتگوزارییەکان) ، واتا :تا چەند لادێ دوورە لە سەنتەری شارنشینی، وە ئەم دوورییە چۆن کاریگەری دەبێت لە سەر پەیوەندی لادێنشینان و شارنشینان وەك بەردەستکردنی خزمەتگوزارییەکان و کارکردن لە شارەکان.

لێرەوە دەکرێت دەکرێت چوار جۆری سەرەکی لە توانستی گەیشتنی لادێنشینان بە سەنتەرە شارنشینیەکان بخرێتە روو کە ئەمانەن :

- لادێی هاوسێ( هامش) Fringe : - ئەم جۆرە لادێیانە زۆر نزیکن لە شارەکانەوە، لە هەندێك باردا گرێدراوو لکاون بە سەنتەری شارنشینیەکان، توانستی گەیشتن و بەردەستکردنی خزمەتگوزارییەکان و بازاڕکردن و کارکردن لە شارەکان تێیاندا بەردەستە.

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

- **پشتێنەی سوارنشین (الركاب ) Commuter :**

ئەم پشتێنەیە دەکەوێتە دوای پشتێنەی هاوسێ یان قەراخ، بە جۆرێك بەردەستکردنی خزمەتگوزارییەکان و گەیشتن پێیان کاتێکی زیاتری دەوێت و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەی وەك :ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر دەبێت.

- **لادێیە پەوەندارەکان (Accessible) :**

ئەم پشتێنەیە ئەو لادێیانە لە خۆ دەگرێت کە بواری گەیشتن بە سەرنتەرە شارنشینیەکانی تێدا بەردەستە، لە سکۆتەلەندا نێوانەکە کەمترە لە (٣٠) خولەك، بواری گەیشتنەکە لە سەر چەند هۆکارێك دەوەستێتەوە لە دیارترینیان) ژێرخانی ئابووری (ناوچەکەیە، واتا : چۆنیەتی ڕێگاوبانەکان و بوونی ڕیزبەندی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکان و هەندێك هۆکاری تر.


# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار

- لادێیە دوورەدەستەکان (الرياف البعيده) Remote rural:–

نێوانــەی ئــەم لادێیانــەو ســەنتەرە شارنشــینیەکان زۆرە و بــواری گەیشــتن بــە خزمەتگوزارییەکان بە ڕێژەیەکی کەم بەردەستە، بۆ نموونە لادێیەکانی ناوچە شاخاوییە بەرزەکان و ناوچە دارستانەکان یان هەر ناوچـەیەکی تـری جـوگرافی دەگرێتـە خـۆ کـە ژێرخانی ئابوورییان خراپ بێت لە لایەك و نێوانـەیان لەگـەڵ سـەنتەرە شارنشـینیەکان دوور بێت لە لایەکی تر .

# پێوەرەکانی جیاکردنەوەی لادێ – شار


## هێڵکاری جۆرەکانی توانستی گەیشتن بە سەنتەرە شارنشینیەکان



# وانەی داهاتوو:

- پۆلێنکردنی نشینگە لادێییەکان وخەسڵەتەکانیان.




سوپاس